# قەڵادزێ یا نامرێ*

حەمید عەبدوڵڵا
2004
Hamed.abdulla@mail.dk

بەژن و باڵای قەڵادزێ بۆ نەمری و سەروەری
ڕوحی شەهیدەکانی کردە پەپولە و پەری

چیا بناری ئەوە گوڵ بۆنی لە ئەو ئەوێ
مەڵبەندی ڕاپەڕینە دڵ و هەناوی ئەوێ

ڕێژنەیەک لە باران و چەپکێ لە گوڵی بۆندار
بەبێ جوانی ئەم شارە نابن بە وەرزی بەهار

کەکڵۆی بەفری زستان ئەبێ بە تارای سەری
ئێرەیی بەئەو دەبەن لوتکەو بنار و پەری

مەڵبەندی عیشوە و نازە جێ ژوانی عاشقانە
لەو شیو و خڕ و دۆڵە بۆتە کۆڕپەی تاقانە

سرک و ناسک و ئارمە لە مامزی هەوار ئەچێ
شاری کوردەواریە چۆن لەبەرچاو لا ئەچێ

هەڵمەتی تۆڵە و هەقیان بەردەوام لەبەرچاوە
شاری دووجار شەهیدە چەند پیرۆزە ئەو ناوە

کانی کەللە تەزێنی شوێنی سەیر و سەفایە
بۆ ماڵی میوانداری دڵسۆز و بەوەفایە

ئێشکچی دڵی گەورەی لوتکەی لەچاو بەدەرە
خەوی ئارامی ـەوی لە باوەشی پشدەرە

ژنی ئێرە تەوارە پێشڕەوی ڕاپەڕینە
بونەدایکی میللەتێک سنەوبەر و ئامینە

چۆکدانادا ئەم گەلە ئەنفال و ئاوارەبێ
تا خاوەنی سەروەری و نەمری ئەم شارەبێ

لە گەڵ زەوی تەخت بوو ئەو هەربەرزی ئەنوێنێ
لە ئاستی دووژ منانی سڵناکا و دانامێنێ

دەمێکە پێی گرتووە دەرچووە لە دارە دارە
هەتا بڵێی شیرینە ئەم قەڵادزێ نازدارە

*لە سەردەمی سوڵتان عبدالحمید بەناوچەی پشدەر ووتراوە ( نامرێ )